# ئەی ژن سەربەسەتی لە دیل داوا نـــــــاکرێ .!

**شیعری :**
**حەمەشوان شەریف**
22042006
**کونگێلف**

**ئەی ژن**
**لەسەر چڵی هەناسەکانم مەنیشەرەوە**
**من پێشبینیەکانم دوور دەڕوانێ و**
**لەناو ئازاردا دەمە و نخون بوونەتەوە .**
**بەر لە کازیوە و قووقەی**
**کەلە شێرە خۆڵەمێشیەکەی کۆڵان**
**من لەناو بەیانیەکی مناڵیم دا دەگەوزام**
**بەناو ئێوارەیەکی گوناهدا بە ئەسپێک**
**لە قامیش غارمدەدا**
**غار ....غار**

**ئەی ژن**
**لەمن گەڕێ**
**با وەک ئەو چلورەیە بەدەم سەرماوە**
**کەمێک بە گوێسوانەی مالی گومانەوە**
**بمێنمەوە**
**بەر لەوەی هەتاوێک بکەوێتە حەوشەکەمانەوە و داممالێ و**
**ببمە هەزار پرژ .**
**با هەرچی لەدڵما گەڵاڵەبووە بیڵێم ! ..**
**ئەی ژن**
**نیگەرانـــیم لەوەی**
**کە قەیرانێکە بەناو لەشما گوزەردەکەیت**
**ئەوەش دەزانم کە پـــشتــــت**
**پەتی پەڕینەوەم بووە بۆ لێکردنەوەی جۆرەکانی گوڵ**
**لەتۆوە فێری ئەوەش بووم**
**لەلاویمدا**

**سەرم لەسەر باسکی خۆشەویستیدا ڕابخەم و**
**خۆم هەڵخەم بەتەنافی خۆرەوە .**
**هەر لەتۆشەوە فێربووم**
**ترپەکانی دڵی پایز بەلەشی درەختێکی ماتەوە**
**بژمێرم تا دەگاتە ڕادەی هەڵوەرین .**
**یان**
**چاوەکانم بە دەرگاکەتانەوە وەک پاڵی پەپوولەیەک**
**خۆی هەڵدەسوی لە کونی کێلوونی نیهێنیەکانتان !**
**ئەو نهێنیانەی سەردەمێک لەتیانکردبووم و**
**تەنیا وتەنیا بەسەر لەشی زامدارتاندا دەگریام و**
**ژیربوونەوەم**
**( لەکەوانەیەکی) مەحاڵدا**
**ڕێژنە فرمێسکەکانمی هێوور دەکردەوە .**
**ئـــــــــــەی ژن**
**فێری ئەوەشتکردم**
**ئەو کوکوختیانەیی لە سەرملی سنەوبەرێک دەخوێنن**
**بەرد بارانیان کەم**
**یان**
**لەسەرئەو دارتووە زڕانە ناوی ملوێنەها دڵدار بنووسم**
**کەژێر سێبەرەکانیان پڕکردوە لەگریان و**
**هیچ هیوایەکیان بەژیان نەماوە و**
**لە ناو لەشی تابووتەکاندا**
**ڕاکشاون و تەوێڵی مردن ماچ دەکەن**
**تا نۆرەبڕێ وەربگرن و**
**بۆ هەتایی ئارام بنوون .!. و دوور دووربن لە سووتانی عەشق . !!!: -**

**ئەی ژن**
**سەردەمێکی سەیرە !**
**گۆڕان بەخێرایی ڕوویـــداوە**
**وەرە**
**تۆش بەدەم بـا وە ڕەهێڵەیەک قسەی تازە بڕژە سەری**
**ئەو پیاوانەی لە ڕێگای ژندا دەیانەوێ شەهیدبن !.! :**
**بەڵام ...بەڵام**

ئێستاش تۆ
هەر دەڵێی گەڵایەکی ئێوارانی دڵتەنگیمیت
بەلقێکی شانمەوە نووساویت
یان لەسێبەرێک دەچی لکاوی بەدڵی شکاومەوە !.
ئەی ژن
شتەکان زوو کاڵدەبنەوە
مۆدێلەکان بەیەک ڕۆژ سەریان سپی دەبێ
پیاوەکانی ئەم سەردەمە
دڵیان یەک ئێوارە بڕەکا بۆ خۆشەویستی
وزەیان پێنەماوە بێن بۆ ژووانەکانی مـێبازی
شەڕ
پیاوی کاڵ کرتۆتەوە و
دڵداری
پیاوی لەقەفەز ناوە تا بەوە ڕانەگات
بیر لە خوێنی ڕژاوی خۆیبکاتەوە و
گوڵێ بەتۆ ببەخشێ !
کەچی تۆش
لەبری دڵدانەوەی و بارانە ماچ ی لێوەکانی
ئاگر لە دڵ و لێو و لەشی شکاوی بەردەدەی !:؟ : .
ئەی ژنی مەزن
ئەو سەربەستیانە چیە
لە پیاو خوازیاری ؟ .
کەپیاو بەهەمیشە دیلتان بووە و هونەری خەڵواتگای
خۆیی بە ئێوە بەخشیوە . ؟!.
یان ژمێرە ئەو سەربەستیانەی بە پیاو دراوە
لە دەریای ناوەڕاستدا ؟
چگە : - لە خۆڵەمێشی شەڕ و ئاسەوارێکی دڵۆپە و تاعوونی دین و
کارو کارو کار و کار و گوناه و گوناه زیاتر ......
خانمەکان
دیل ترین دیل پیاوی ئەم سەردەمەیە !
لەشی هەردەڵێی درەختێکی کەوتوە و
زریانی قسە کاڵەکانتان ڕایماڵیوە و
ڕاڕایی بەتوانەوە

لە خۆی هەڵکێشاوە .!
دەستی نەگرن زۆر مەحاڵە ڕاستبێتەوە و
جارێکی دی
هەناسەیان بە لەشتانەوە بۆن بگرێ
ئێوە کە بۆنی پیاوتان لێنەیەت و
ئێمەش بۆنی ژن
کاڵدەبێتەوە خۆشەویستی
مردار دەبێتەوە ژووان .

ئـــــــــــــەی ژن
ئەو شتانەم بۆ مەگێڕەرەوە
کە دوێنێ ڕوویداوە
ئەمڕۆ بـا درێژ کەینەوە و نەهێڵین ببێ بەدوێنێ
ئەی ژن
ئەوەش دەزانم
کەپیاوان عەیامێک بوو تۆ ڵەی ئادەمیان * لە حەوا* دەکردەوە
کەچی ئێوەش ئەمنێستاکە
قەرەبووی حەواکانتان لەئێمە دەوێتەوە
بە جۆرێتـــر
بە ڕەنگێـــتر . بە دەنگێ تر
ئێوەش تۆڵە دەکەنەوە :!؟ .
هەی ژنە مرووەتەکانی
ئەم سەردەمە بزرە
پێچەوانەکان دەگەڕێنەوە
سروودەکان
بە چراکانیانەوە بەناو گۆڕستانەکاندا
مەراق دەڕژن و گوڵی ڕەشی سەرگۆڕەکان ئاودەدەن و
ملی شووشەشکاوەکانی ئەو ژن و پیاوە سەرخۆشانە
هەڵدەگرنەوە
کەلەڕێگای عەشقا دڵیان بە زرێبار و چەمی زەڵم بەخشی ! .
لەشی بڕاویی وانە سواوەکانی منداڵە غەریبەکانش
بەپێکەنینەوە
بەرد دەگرنە ئەو دارا* یەی*

هەر نەگەیشەتە بەردەم ئەو دووداره

بۆ بینینی ! . ! .

بۆ

ب

ی

ن

ی

نــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــی

ئەو دوو داره .........

Hamashwan1@hotmail.com